**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٣٠٩ لە ٢٠٢٤/١/١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، و دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠٢١ی تایبەت بە پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشــینگە هەموارکراو بە بەیانمان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١ بڕیارماندا بە : دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هەمواری دووەمی ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە لە هەرێمی کوردستان**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (**سێیەم**) لە ماددەی (٤) لەڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی (**١**) لە بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتمان و بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

**ماددەی (٤): سێیەم :**

١- گەشــتیارانی هەڵگری پاســپۆرت یان بەڵگەنامەی گەشــت(Travel Document)ی ئەو وڵاتانەی کە لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە و هەر وڵاتێکی تر کەلە داهاتوو دەخرێتە لیســتی پێدانی ڤیزە لەکاتی گەیشتن پێویست بە ڤیزەی پێشوەختە ناکات و لە دەروازەی سنور ڤیزەی هاتنە ژوورەوە وەردەگرێت بەرامبەر بەو بڕە رسوماتەی (کارگێری ڤیزەی سەردان) کە لەخاڵی (٢٠) لە خشتەی (رسومات و سزاو بارمتەکان)ی هاوپێچی ڕێنمایی ژمارە (١) ســاڵی (٢٠٢١) دا دیاری کراوە . ســەبارەت بە گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە ئەوا پەیڕەوی خاڵەکانی (٢)و(٣) لە خشتەی (رسومات و سزا و بارمتەکان ) ئاماژە پێکراوی سەرەوە بکرێ وڵاتەکان ئەمانەن:
(وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، بەریتانیا ، چین ، روســیا ، ئوســترالیا ، نویزلەندا ، ژاپۆن ، کۆریای باشــوور ، کەنەدا ، ئیمارات ، کوەیت ، قەتەر ، تورکیا ، ئێران ، لاتڤیا ، لیتوانیا ، لۆکســەمبۆرگ ،ماڵتا ، هۆڵەندا ، نەرویج ، پۆڵەندا ، پورتوگال ، ڕۆمانیا ، سلۆڤاکیا ، سلۆڤینیا ، ئیســپانیا ، ســوید ، ســویســڕا ، نەمسا ، بەلجیکا ، بەرازیل ، بولگاریا ، کرواتیا ، قوبرس ، یۆنان ، چیک ، دانیمارک ، ئیستۆنیا ، فینلەندا ، فەرنســا ، ئەڵمانیا ، هەنگاریا ، ئەلبانیا ، ئیرلەندا ، ئایســلاندە ، ئیتاڵیا ، لوبنان ، ڤاتیکان ، لیخنشــتاین ، شانشینی سعودی ، سەڵتەنەی عومان ، بەحرێن ، شانشینی ئوردنی هاشمی ) .

٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی لەکاتی گەیشتن نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.

٣- ئەگەر کەســی بیانی شــوێنی لەدایک بوونی (عێراق)بوو و لە پاســپۆرتەکەی ئاماژەی پێ کرابوو ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر ڕێگەی پێدەدرێت و دەکرێت بمێنێتەوە و ئەو ماوەی پێویستی پێیەتی هیچ سزایەکی دواکەوتنی ناکەوێتە سەر .

**ماددەی (٢):**

١- کار بەهیچ نووسراو و بەیان و ڕێنماییەک ناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**